# ئافرەت و هەڵبژاردن

# ژنی شیاو هیچی لەپیاو کەمتر نییە

**صەبریە غەفار..........................**

هەڵبژاردن وەک یەکێک لەمیکانیزمەکانی سەردەم بۆ بەشداری ڕاستەوخۆی هاوڵاتی لەدروستکردن و داڕشتن و پێکهاتنی دەزگا نوێنەریەکان، کە بەئیرادەی خۆیان نوێنەریان دیاری دەکەن.

هەڵبژاردن دیموکراسیترین شێوازی سەردەمیانەیە بۆبەشداری کردنی ئیرادەی تاکەکان، ئەگەر سەپاندن و هەڕەشەو ترساندن لەکاتی ئەنجامدانی پرۆسەکەدا بەکار نەهێنرێت، کەئەمە بۆتە نەریتێکی ئەم وڵاتانەی ڕۆژهەڵات و کوردستانی خۆشمان لەو حاڵەتە بێ بەش نیە، بێگومان لەوکاتەدا ئەو سیستەمە ڕاستەوخۆ سیفەتی دیموکراسی بوونەکەی ون دەکات.

لەدوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ تائێستا کوردستان توانیویەتی ژمارەیەکی زۆر هەڵبژاردن ئەنجامبدات دیارترینیان کەهەنگاوێکی بوێرانەبوو هەڵبژاردنی ١٩٩٢/٥/١٩بوو کەلەوڕێگەیەوە حکومەت و پەرلەمان پێکهێنرا، ئەگەرچی ڕێژەیەکی زۆر کەم و کورتی بەپرۆسەکەوە دیاربوو، بەڵام ئەتوانین بڵێین دەسپێکی باش بوو وەک سەرەتا.

هەڵبژاردنی ئەم جارەی عێراق بەگشتی بۆپەرلەمانی عێراق لەڕووی شێوازو لیست و دەنگدانەوە جیاوازترە لەهەڵبژاردنەکانی تر، ئێمە تائێستا وەک کوردستان پیادەی لیستی داخراومان کردووە، یەکەم جارە وەک لیستێکی نیمچە کراوە بەشداری دەکەین.

بۆیە پێویستە لەڕووی هۆشیاری دەنگدان و چۆنیەتی دەنگدان زیاتر کاربکرێت لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە.

ئەوەی ئێمە دەمانەوێت زیاتر قسەی لەسەر بکەین، شێوازی دەنگدانی ئافرەتانە، کەجاران ناو دیار نەبوو، بەڵام ئێستا دەنگ بەکەسەکان دەدرێت، هەرلیستێکیش ڕێژەی (٢٥٪) لەئافرەت پێکهاتووە پێویست دەکات کوردستان جارێکی تر وێنایەکی سەردەمیانەو ئاستی هۆشیاری بەرز نیشان بدات سەبارەت بەدەنگدان بەپاڵێوراوانی ئافرەت.

بێگومان ئەمە گرفتێکی سەرتاسەری و بەتایبەت وڵاتانی ڕۆژهەڵاتە، ژنان لەناوەندە باڵاکاندا کەمتر وەدەرکەوتون‌و تواناکانیان سەلمێنراوە، یاخود کلتورێکی دواکەوتوو پیادە دەکرێت، ئەویش بەسپاردنی ئەو شوێنانە پیاو بەشیاوتر دادەنرێت.ئەگەرچی کوردستانی خۆمان بەبەراورد لەگەڵ شوێنەکانی تر ڕۆڵی پێشەنگی بینیوە لەبەشداری کردنی ژنان و دیاری بوونی جێ دەستیان لەناوەندەکاندا. بۆنمونە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ بەبێ دیاری کردنی ڕێژە تونرا (٩) ئافرەت بگاتە پەرلەمان، کەدەستکەوتێکی مێژویی بوو، و لەکابینەی یەکەمی حکومەت ژن بوو بەوەزیر.



درێژەدان بەم پێشەنگیەو هەروەها گەشەپێدانی ئەرکی هەردوولامان بەژن و پیاو بۆڕاستکردنەوەی ئەو چەمکە چەواشانەو، دروستکردنی هاوسەنگی لەئەنجامدانی کارەکاندا.

چونکە نادیاربوون و ئامادەنەبوونی هەریەک لەو ڕەگەزە بڕیارو کارەکان لاسەنگ دەکات، هیچ لایەکیان ناتوانێت بەتەواوی لەبری ڕەگەزەکی تر بیربکاتەوە و بڕیاربدات.

لەم چەندساڵەی ڕابردوو ژنانی کوردستان ئەگەر لەئاستی خوازراویشدا نەبوبن، بەڵام توانیویانە تاڕادەیەکی باش لەناو پەرلەمان و حکومەت و دەزگا جۆربەجۆرەکانی تردا تواناو لێهاتنەکانی بسەلمێنن، بەبەراورد لەگەڵ ساڵانی ڕابردوو زیاترچالاک بن. بێگومان ئەگەر بواریش زیاتر بڕەخسێت و زەمینە سازبکرێت ڕۆڵی شیاوتر دەتوانن بگێڕن وکاریگەری زیاتریان هەبێت.

گرفتێکی تر کەجێگەی قسە لەسەرکردنە مەسەلەی دەنگدانی ژنانە بەهاوڕەگەزی خۆیان، بۆنمونە لەشوێنێکی وەک (کوەیت)کەڕێژەی نزیکەی ٦٠٪ی دەنگدەران ژن بوون، بەڵام یەک ئافرەتی پاڵێوراویان نەگەیاندە پەرلەمان، نەبوونی ئەو هۆشیاری و متمانەیە هێندەی تر تواناکانی ئافرەت دەکوژێت و خۆیان دەبنە هۆکاری سەرەکی دواکەوتن و نەگێڕانەوەی شوێنی شیاو بۆئافرەتان.

ڕاستکردنەوەی ئەو تێڕوانینە ئەکەوێتە ئەستۆی هەموو لایەکمان بەتایبەت ڕێکخراوەکانی ژنان، دەبێت لەم کاتی هەڵمەتەدا زیاتر هۆشیاری بدەن، بەبێ دروستکردنی گیانی ململانێ بەڵکو گێڕانەوەی مافە بۆخاوەن مافەکان‌و داکۆکیکردن لەو ژنانەی کەلەڕووی شیاوی پێ بوونەوە هیچیان لەپیاوەکان کەمترنیە، پێدانی کاریش پێویستە لەسەر بنەمای لێهاتوی بێت نەک ژنیەتی و پیاوەتی بێتە گرفتی ژنانی کوردستانی خۆمان.

لەم پرۆسەیەدا دەتوانین وێنایەکی گەشەو سەردەمیانە نیشانی دونیا بدەین، ئەویش بەزیادکردنی ڕێژەی دەنگی ژنانی پاڵێوراو کەدەنگی شایستە تۆماربکەن نەک تەنها لەڕێگەی (کوتا)وە بەدەنگێکی کەم بچنە پەرلەمان و وەدڵنیابن گەیاندن و چارەسەری گرفتەکانیان بەپلەی یەکەم تەنها ژنان دەتوانن نوێنەرایەتیان بکەن و دەنگیان بگەیەنن.

چەندین دەستکەوت لەڕووی یاسایی و کاری مەیدانی کەژنانی ناو پەرلەمان لەخولی دووەمدا توانیان بیکەن و کاریگەریان لەسەر پیاوان هەبوو وەک دروستبوونی بەڕێوبەرایەتی توندوتیژی و کۆمەڵێک هەمواركردنی (یاسای باری کەسێتی و لێکۆڵینەوەی تایبەت لەسەر کێشەکانی ژن) بۆیە چاوەڕوانی هیمەتی ژنانی کوردستانین کەسەروەریەکی تر تۆماربکەن و دەنگیان بۆژنە پاڵێوراوەکان بێت، ئەوانەی خۆیان بەشیاویان دەزانن.

> **لەم پرۆسەیەدا دەتوانین وێنایەکی گەشەو سەردەمیانە نیشانی دونیا بدەین، ئەویش بەزیادکردنی ڕێژەی دەنگی ژنانی پاڵێوراو کەدەنگی شایستە تۆماربکەن نەک تەنها لەڕێگەی( کوتا )وە بەدەنگێکی کەم بچنە پەرلەمان.**

# دەستەی هاوڕێیانی ئاشتی بۆ پاراستنی ژنان دادەمەزرێت

## د.عالیە فەرەج: "دەستەکە بڕیاری پاراستنی ژنانیان لە تەشهیرکردن، داوە"

**دیمانە/ ئیبراهیم مراد..........................**

دکتۆرە عالیە فەرەج کەسایەتی ڕۆشنبیر و ئەکادیمی زانستی لەبواری کارو باری ئافرەت و کێشەکانی، وەک بەشداربوویەکی دەستەی دامەزرێنەری هاوڕێیانی ئاشتی و ئامادەبوو لەو دەستەیە، بەباشمان زانی دەربارەی ئەو دەستەی هاوڕیانی ئاشتی دیمانەیەکی لەگەڵدا ساز بکەین.

**ئاینده**: دەستەی هاوڕێیانی ئاشتی چیە؟ ولەکوێوە ئەم دەستەیە سەرچاوەی گرتووە؟ ڕۆڵی بەڕیزتان لەو دەستەیەدا چی بوو؟

**د. عالیە فەرەج:** دەستەی هاوڕێیانی ئاشتی پێکهاتووە لەژمارەیەک ئافرەتانی نوخبەی سلێمانی لە ڕۆشنبیران و چالاکوانان لەبواری ژناندا.

سەرهەڵدان ودروست بوونی ئەم دەستەیە بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کەبڕیاری (١٣٢٥) نەتەوە یەکگرتووەکانەوە هاتووە کەساڵی ٢٠٠٠ ئەم بڕیارە دەرچووە وەلەدانیشتنی (٤٢١٣)ی نەتەوەیەکگرتوەکان بڕیاری لەسەر ئەوەداوە وعێراقیش یەکێک بووە لەو وڵاتانەی کە واژۆی لەسەر بڕیارەکە کردوە کەدەبێ ئافرەت ومنداڵ بپارێزرێت لەکاتی شەڕەکان و پێکدادانە ناوخۆییەکانداو نەبنە قوربانی جەنگ.

لەڕێکخراوی ئاسودە لە١/١٠ /٢٠١٠دا ژمارەیەک ئافرەت کۆبونەتەوە و ئەم دەستەیان پێک هێناوە بۆ چالاک کردنی ئەو بڕیارە لەپێناو بەهێزکردنی ژنان لەئاشتی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا لەچوار چێوەی ئەوەی ژن و منداڵیش نەبێتە قوربانی لەکاتی کێشە سیاسیەکان و ململانێی ناوخۆییەکاندا.

هەروەها وتی:

"لەو کۆبونەوەیەدا گفتو گۆ کراوە کەئەم دەستەیە چۆن کاربکات و ئامانجەکانی چی بن‌و پەیوەندی چۆن بێت لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ترو حیزبە سیاسیەکان وڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا، وژمارەیەکی زۆر قسەو باس کراو منیش بەشداریم کرد و باسی ڕۆڵی ئافرەتم کرد لەئاشتیدا کەیەکێکە لەو تەوەرە سەرەکیانەی بزوتنەوەی فیمینیزم لەڕۆژئاوادا کاری لەسەر کردوە لەساڵەکانی ١٩٧٥ تا ١٩٨٥ کرابە عەقدی ئافرەت لەجیهاندا.

ئەو ١٠ ساڵە یەکێک بووە لەشیعارەکانی ئاشتی، هەرلەو کاتەوە کاراکردنی ڕۆڵی ئافرەت لە سەقامگیرکردن و بەرجەستەکردنی ژینگەی ئاشتی کۆمەڵایەتی و سیاسی بۆکۆمەڵگا لەو کاتەوە دەستی پێ کردوە ، بەڵام وڵاتە دامەزرێنەرەکان توانیویانە ڕۆڵێکی ئیجابی ببینن لەو بوارەدا بەتایبەتی لەڕووی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەو ڕاهێنانەوە کەلەباشووری ئەفریقادا دەورێکی باشی هەیە کەچەندین سەنتەری هەیە بۆڕاهێنانی خەڵک کە خەڵکانێکی بەئەزموون و شارەزان لە وبوارەدا.

هەروەها بەشداری کردنی ئافرەت لە لیژنەو ڕیکەوتنەکانی نێوان حکومەت و بەرهەڵستکاران، لەووڵاتە ڕۆژئاواییەکانیشدا توانیویانە ئافرەت لەو بوارانەدا بەشداربکرێت و ئێستەش کە هاتوەتە کوردستانە وە یەکێک لەو مەسەلە گرنگانی کەباسکرا ئەوە بوو کەباسی تەشهیر کردن بوو بەئافرەتان لەکاتی پرۆسەکانی هەڵبژاردنەکاندا کە ئەو ئافرەتانەی خۆیان دەپاڵێون تەشهیریان پێدەکرێت لە سەر وێب سایتەکان یان ڕوپەڕی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان کە ئافرەت بەکاردەهێنن بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانی نێوان لایەنە سیاسیەکان.

چۆنیەتی پارێزگاری کردن لەئافرەتان لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا و چۆنیەتی پارێزگاری کردنی ئافرەت و منداڵ لەکاتی پێکدادانە ناوخۆی و سەربازیەکان و دەرچوون وتێپەراندنی ئافرەت لەژێر دەسەلات و ئایدیایەکی تایبەت لەڕووی دەسەڵات و تاکەوە کەئەوە زۆرگرنگە، ئەمانە بەشێکی تری دانیشتنەکە بوون".

د. عالیە فەرەج وتیشی:

"من زۆر تەئکیدم لەسەر ئەوە کرد کە چۆن بتوانین ئەو بڕیارەی نەتەوەیەکگرتووەکان بیخەینە سەر دوو ئاڕاستەو کاری لەسەر بکەین، یەکەم ئاڕاستەی پڕۆژە و دووەم ئاڕاستەی بەرنامە، لەبواری پرۆژەدا بتوانین پرۆژە پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان بکەین و ئەو تاوانانەی کەڕووبەڕووی ئافرەتان دەبێتەوە لەهەر ڕوویەکەوە بێت بەرامبەرەکەی سزای بۆدابنرێت و تاوانەکەی بەتاوانی (جینائی) لەکوردستاندا ئەژمار بکرێت .

پاشان ئێمە لەکوردستاندا پێویستمان بەبەرنامە هەیەو بەرنامەکان ئەکرێت لەشێوەی ڕاهێناندا بێت، هەرلەسەرۆک عەشیرەتەکانەوە بیگرە تا دەزگا سیاسی و ڕۆشنبیری و قوتابی و لەئاستەکانی ناوەندی و ئامادەیی ڕاهێنانیان پێبکرێت لەسەر ڕۆڵی ئافرەت لەپرۆسەی سیاسی و کۆمەڵایەتی وئاشتی دا".

ناوبراو ئاماژەی بەوەشکرد کە:

"ئەم دەستەیە بڕیاری داوە کەپێویستە ئافرەتان خۆیان لەوە ڕزگاربکەن لەژێر هەیمەنەی لایەنەنێک یان دەسەڵاتێکدا بن،چونکە لەکوردستاندا نەڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی نەڕێکخراوەکانی ژنان ناڵێم هەموویان بەس زۆربەی زۆریان نەیان توانیوە تەجاوزی ئایدۆلۆژیای سیاسی بکەن.

ئەم دەستەیە یەکێک لەئامانجەکانی ئەوەیە کە ئافرەت ئەوە تێپەرێنێت لەژێر دەسەلات و ئایدیایەکی تایبەتدا بێت لەڕووی دەسەڵات و تاکەوە کەئەوە زۆرگرنگە .

